# بوش پشت بە مالیکی دەبەستێ و مالیکیش تیرۆریستان دەپارێزێ!

**ئەحمەد ئەنوەر**

**ahmedenwer@yahoo.com**

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە رۆژنامەکانی ئەڵمانیادا بڵاوکراوەتەوە، سەرۆك وەزیر مالیکی نامەی ئاراستەی موفقتەدا سەدر کردووە بۆ ئەوەی خۆی و (11) سەرکردەی میلیشیای سەدر کە پەیوەندییان بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە خۆیان بشارنەوەو هەندێکیان بچنە ئێران و کارئاسانی پێویستیش کراوە!

ئەو نامەیە، نامەی سەرکردەی حزبێك، یان سەرکردەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو هی سەرۆك وەزیری عێراقە، بۆیە ناکرێ هەروەکو هەواڵێك بیخوێنینەوە و بەسەریدا تێپەڕین.

سەرۆك بوش لە پلانە نوێیەکەیدا رۆڵ و جێگەیەکی میحوەری بە سەرۆك وەزیر و حکومەتی عێراقی داوە تاوەکو ئەو پلانە تارادەیەك سەرکەوتن بەدەست بێنێ و رەوشی عێراق بەرەو چاکبوونەوە بچێت، بەشێکی ئەو پلانە نوێیە لێدان و نەهێشتنی میلیشیا و گروپە چەکدارەکانی دەرەوەی حکومەتە، هەروەها نەهێشتنی دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمییە لە عێراق بە تایبەتیش ئێران و سوریا. نەك تەنیا سەرۆك بوش و ئەمریکاییەکان بگرە عێراقییەکانیش ئومێدی خۆیان لەسەر ئەو پلانە نوێیە بنیاد ناوە کە ببێتە وەڵامێك بۆ دۆخی ناهەمواری عێراق, کەچی هەوڵی سەرۆك وەزیر بۆ پاراستن و شاردنەوەی سەرکردەی میلیشیاکان دەکرێ چۆن شرۆڤە بکرێت و لێکبدرێتەوە؟!

ئەم هەڵوێستەی سەرۆك وەزیر هیچ واتایەکی نییە، جگە لەوەی کە ئەوان دەیانەوێ رەوشی عێراق لەم دۆخەی ئێستادا بمێنێتەوە، کەواتە ئەوەی روودەدات رێکەوت نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەرنامەرێژە! ئەگەر هەماهەنگییەکی لەو جۆرە لە نێوان حکومەت و سەرکردەی میلیشیاکان و ئێران هەبێت، کەواتە هەر لە ئێستاوە با فاتیحە بۆ ستراتیژەکەی سەرۆك بوش و پلانە ئەمنییە تازەکەی بەغدا بخوێنین. کوردگوتەنی ئەگەر دزو خاوەن ماڵ یەك بن, دەتوانن گا لە کولانەوە ببنە دەرێ!

ئەگەر سەرۆك وەزیر بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا بکات، کەواتە کورد بۆچی خۆی لەو مەسەلەیە دەکاتە لایەن و هێز وتوانای خۆی بەفیرۆ دەدات؟! ئەگەر شیعەکان خۆیان بیانەوێ وڵاتەکەیان لەسەر پشت بێت بۆ ئێران و پێکەوە هەماهەنگی بکەن، کەواتە کورد دەتوانێ چی لەو دیفاکتۆیە بگۆڕێ؟!

بەبۆچوونی من هەم سەرکردایەتی کورد پێویستی بەوە هەیە سەرلەنوێ رەوشەکە بگرێتە دەست و پلانی ئەلتەرناتیف ئامادە بکات, هەمان شتیش بۆ ئەمریکییەکان راستە، ئەگەر عێراقییەکان "مەبەست زۆرینەی شیعەیە" تا ئەو ئاستە لەگەڵ ئێران هەماهەنگ بن، ئەوا ئەمریکا باس لە کام سەرکەوتن و باس لە کام نەهێشتنی دەستێوەردانی ئێران دەکا؟

ئەمریکا لەسەر بەفیرۆدانی توانا و زەمەن بەردەوام دەبێت، یان بەدوای رێگەچارەی دیکەدا دەگەڕێ؟ چەند مانگی داهاتوو روونتر لە ئاراستەی رووداوەکان تێدەگەین، با ئەم چەند مانگەش چاوەڕێ بکەین.